ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دانانی Subtitle بۆ فیلم.**

نووسەر: :@

دیارە زۆرینەی خەڵک فیلم دادەگرن. هەرچەندە خۆم ئەم کارە ناکەم چونکە بە ڕای من هیچ فیلمێکی ئەم دونیایە ئەوەندە ناهێنێت چەند سەعاتێک چاوەڕێی داگرتنی بیت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پرسیارە زۆر دووبارە و سێبارە دەبێتەوە، بەچاکم زانی کەمە زانیارییەک پێشکەش بکەم.
دیارە چەند ڕاستییەک هەن کە بوونەتە هۆی داگرتنی فیلم. یەک لەوا نە نرخەکەیەتی و یەکێکی تریش ئەو فیلمانەی لە ئەمریکا دەردەچن دوای چەند مانگێک دەگەن سینەماکانی ئەورووپا، هەندێک فیلمی وڵاتانی تریش کە لەوانەیە هەر نەگەنە لامان، بەتایبەتی Anime.
Subtitle: بریتییە لە تێکست-فایلێکی ئاسایی، بۆیە لەو سیستمانەی پشتیوانی یونیکۆد دەکەن، دەکرێت بە کوردیش بێت. ئەم تێکست-فایلە هەموو وەرگێڕانەکانی لەخۆوە گرتووە کە بە پێی کات و خێرایی ژمارەی وێنەکان لە چرکەیەکدا ڕیزکراون.
بۆیە ئەگەر ئەم تێکست فایلەت دەست کەوت، دەتوانیت بە پرۆگرامێکی دیاریکراو لەگەڵ فیلمەکەی بچەسپێنیت و وەک DVD بیسووتێنیت.
یەک لەو شوێنانەی دۆزینەوەی وەرگێڕان: Subs.
پێداویستییەکان:
Virtualdub
Virtualfilters
ئەوەی یەکەم پێویستی بە دامەزراندن نییە تەنها دوای کردنەوەی zip فایلەکە ناوەڕۆکەکەی بخە ناو فۆڵدەرێکی دیاری کراو.
فیلتەرەکانی بەشی دووەم دەبێت بخرێنە ناو فۆڵدەری plugins لەو شوێنەی virtualdub ـی هەڵگرتووە.
پرۆگرامی VirtualDub.exe بخە گڕ.
گریمان فیلمەکەت داگرتووە بەڵام وەرگێڕانی لەگەڵدا نییە.
بڕۆ بۆ file و open file و ڤیدیۆی داگیراو بکەوە.




بڕۆ بۆ video و compression و وەک ئەمەی خوارەوە، ئەگینا فایلەکەت زۆر زۆر گەورە دەبێت:




ئەمجارە، Video و Filters و Add و TextSub 2.23 هەڵبژێرە:




ئنجا ئەو فایلەی وەرگێڕانی تایبەت بەم فیلمەی کە پێشتر خۆت داتگرتبوو، بکەوە:




دوا هەنگاو، file و Save as AVI.

ئێستا فیلمەکە و وەرگێڕانی ژێرەوەی وەک یەک دانە فایل دروست دەبن. شایانی باسە پرۆگرامی VirtulaDub زۆر فیلتەری تری لەگەڵ دایە، بۆ نموونە زیادکردنی لۆگۆ و شتی تر. ئەوەی جێگای ئاگادارییە، پاشگر و شێوەی فایلەکانی وەرگێڕان جیاوازن بۆیە فیلتەری تر هەن بۆ فایلی تر، هەروەها گوشرانی DivX پێویستی بە codec ی خۆی هەیە کە لەگەڵ DivX Player خۆی دادەمەزرێت.

ئەگەر ئەو فایلەی وەرگێڕان لە notepad بکەیتەوە و تێکستە ئنگلیزییەکە بکەیت بە کوردی و فایلەکە هەر وەک خۆی بە Unicode

هەڵبگریت، subtitleی فیلمەکە دەبێتە کوردی.
ئەم ڕاهێنانە بچووکە تەنها پێشەکییەکە، دەکرێت لە داهاتوو زیاتر بایەخ بە بەکوردیکردنی subtitle بدرێت.
کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت